# هۆنراوە

وێنە: ئیسماعیل عومەر حەسەن

## زستانە



زستانە
پێشەنگی وەرزەکانە
دیسانەوە ژیانەوەی
گەرمەسێرو کوێستانە،
شنەی باران مزگێنی
بۆ کوردستان ئەهێنێ
تین و وزەو شیرینیی
ژینی تازە ئەنوێنێ،
شادیمان ئەچریکێنێ
بەدوایا بەفری گەشاو
ژیان ئەکەن بە تابلۆی
خەندەی جیهانی رازاو،
بە گەشتی بەفرو باران
نیشتمانمان ئەبێتە
هەوارگەی نەوبەهاران

عوسمان محەمەد هەورامی

## شارەوانی

کارمەندی شارەوانی
چەندە بێگەردو جوانی
وەک نێرگزی بەهاری
چرای شەقامی شاری
لە لای هەمووان بەرێزی
ژینگەمان ئەپارێزی
خەمخۆری گەڵ و خاکی
بویتە سونبوڵی پاکیی
دەستەکانت رەنگینن
شایستەی ئافەرینن
سوپاس بۆ تۆ هەزار جار
ئەی خزمەتگوزاری شار
ئێمەش یارمەتیت ئەدەین
هیچ شتێک فڕێ نادەین
دەیخەینە شوێنی مەبەست
دەستمان ئەکەین بە یەک دەست

ئاکۆ محەمەد سابیر/ سوید



## گڕوگاڵ



دەنگە دەنگێکی ناکاو
چەشنی ( با ) یان خورەی ئاو
هەروەک شەپۆل بهاوێ
دەیدا لە گوێم تاو تاوێ
ساوایەک بوو ژیک و ورد
جار جارێ قاقای دەکرد
ئای کە جوان و دڵگیر بوو
وریاو خڕپن و زیت بوو
خۆزگە منداڵان هەموو
ژیانیان وەکو ئەو دەبوو

ئەمین محەمەد